السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# ئەگەر دونیا لای خوای گەورە بە قەد باڵە مێشوولەیەک نرخی هەبوایە، ئەوا نەیدەهێشت هیچ کافرێک تێیدا تەنانەت قومێک ئاویش بخوات

له سەهلی کوڕی سەعدی ساعدیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر دونیا لای خوای گەورە بە قەد باڵە مێشوولەیەک نرخی هەبوایە، ئەوا نەیدەهێشت هیچ کافرێک تێیدا تەنانەت قومێک ئاویش بخوات».
[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە]

فەرمـوودەکە باسـی بێنرخـی دونیـا دەکـات لای خـوای گـەورە، ئەگـەر کەمتریـن نرخـی هەبـوایە ئـەوا خـوای گـەورە نەیدەهێشت هیچ کافرێک تەنانەت قومێک ئاویش بخواتەوە، چ جای نیعمەتەکانی تر، بۆیە دونیا لای خوای گەورە بێ نرخە، بە پێچەوانەی ئاخیرەت (بەهەشت) چونکە شوێنی نیعمەتی بەردەوامە تایبەتە بۆ ئیماندارانی ئەهلی بەهەشت وکافرەکان لێی بێبەشدەکرێن، بۆیە پێویستە ئیمانداران لە هەقیقەتی ئەم دونیایە تێبگەن وخوو نەگرن بە دەستکەوتنی ڕابواردنەکانی ئەم دونیایە، چونکە ئێرە شوێنی تێپەڕبوونەوە نەک شوێنی مانەوە، بۆیە ئیمانداران لێرە کردەوە دەکەن بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ شوێنی هەمیشە مانەوە، خوای گەورە دەفەرموێت: {وَمَآ أُوتِيتُم مِّن شَيۡءٖ فَمَتَٰعُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَزِينَتُهَاۚ وَمَا عِندَ ٱللَّهِ خَيۡرٞ وَأَبۡقَىٰٓۚ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ (60) أَفَمَن وَعَدۡنَٰهُ وَعۡدًا حَسَنٗا فَهُوَ لَٰقِيهِ كَمَن مَّتَّعۡنَٰهُ مَتَٰعَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا ثُمَّ هُوَ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ مِنَ ٱلۡمُحۡضَرِينَ(61)} [القصص]، واتە: {وهەرچی بە ئێوە دراوە ئەوە هۆی خۆشی وڕابواردنی ژیانی ئەم دونیایە وجوانیەتی وئەو (پاداشتە)ی لای خوایە باشتر ونەبڕاوەیە دەی ئایا ژیر نابن (60) ئایا كەسێك كە بەڵێنمان پێداوە بە بەڵێنی چاك ئەو كەسە دەگات بەو (بەڵێنە كە بەهەشتە) وەكو كەسێك وایە خۆشی وڕابواردنمان پێداوە بە خۆشی وچێژی (لەزەتی) ژیانی دونیا لە پاشان لە ڕۆژی دواییدا لە ئامادەکراوان (دەبێت (بۆ سزادان) (61 }.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3695

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee